# دیاردەی فەندەمێنتالیزمی ئاینی

## خوێندنەوەیەکی سۆسیولۆجی لە هەمبەر فۆرم و تێگەیشتنەکانی

عەلی محەمەد زەڵمی

زیادە ڕۆییمان نە کردوە گەر بڵێن هەژاری بواری لێکۆڵینەوەی زانستی لە نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، ڕێگە دەداتە هەر باسگرو لێکۆڵەرێک سەرەتایانە دەست بە لێکۆڵینەوەکەی بکات. مەبەستمان لە 'سەرەتایانە' دامەزراندنی دایەلۆگی هزری و خوێندنەوەی رەخنەییە لە مەڕ ئەو بابەتە یا خود هەر چەمکێک، بۆ نمونە ئێمە لێرەدا بە تەنگ دیاردەی فەندەمێنتالیزمەوەین. ئاخر ئەبێت ئێستە ئێمە بۆ کێ و چ دەزگایەکی ستراتیژی و ئەکادیمی بگەڕێنەوە ، پەنجە بۆ چ بیریارک راکێشین لەم نێوەندەدا بەدواداچونی هەبێت، کە دوربێت لە بڕیاری پێشوەختە،لەدەستدانی پارسەنگی بە هۆی مەیلداری بۆ ئاراستەیەکی بیرکردنەوە...هتد. بێگومان ئەمەش بەرهەمی گرفتێکی دیکەیە کە دەکرێت پێی بگوترێت نەبوونی سۆشیۆلۆجیای ئاینی،بگرە نەبوونی هیچ خوێندنەوەیەکی سۆشیۆلۆگی بۆ دیاردەکانی کۆمەڵگە. ئیدی لێرەوەیە ڕۆژنامەنوس و سیاستمەدار و مەلاو شاعیر تەفسیری دیاردە کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دەکەن. ئاخر دیاردەی توندڕەوی و توندڕەوی ئاینینی بە تایبەتی ، بەر لەوەی سیاسیەکان بیکەنە مشتومڕی خۆیان و میدیا تاوتوێی بکات و مەلاکان لە مینبەرەوە بیلێنەوە، بە کورتی بەر لەوەی دیاردەیەکی سیاسی، ڕۆژنامەوانی یاخود ئایینی بێت فەندەمێنتالیزم دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە. واتە پێوستی بە شرۆڤە و هۆکارناسی و باسی(Explanation) کۆمەڵناسەکانە و هەروەها دیاریکردنی ئەدگارو سیماکانیە تی (Features ).

ئێمە لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەین پەنجە راکێشین بۆ ئەم دیاردە بە گلۆبالیزە بووەو هەروەها هەڵسەنگاندن و بەسەرکردنەوەی کۆمەڵناسە هاوچەرخەکان، هەروەها لەلایەکی دیکەیشەوە چۆن تێگەیشتنی باو (Stereotype) و هەڵە سەریهەڵداوە دەربارەی پێناس و لێتێگەیشتن لە مەڕ دیاردەی فەندەمینتالیزم چ لە نیوان خودی سۆسیۆلۆگەکان و خەڵکیش بە گشتی لە هەردوو جیهانی ئیسلام و ڕۆژئاوا– بە و پێیە ئەم دوو جوگرافیایە بە لانکی سەرهەڵدان و پراکتیکی توندڕەوی ئەژمێرێن. سەرباری ئەمەش ئێمە لێرەدا لەبری ئەوەی مامەڵە لەتەک یەک فەندەمێنتالیزمدا بکەین دیاردەی فرە–فەندەمێنتالیزم ئەخوێنینەوە، هەروەها لە کۆتایشدا ئاماژە بە گرنگترین گرفتەکانی هەوڵەکانی خوێندنەوەی فەندەمێنتالیزم دەکەین لەلایەن کۆمەڵناسەکانەوە لە سەردەمی تەوژمی جیهانگەرایی و پۆست مۆدێرنە دا.

### *لە مەڕ چەمک و پێناس:*

گەرچی زۆرێک لە توێژەرەکان هەوڵی پیناسکردنی و بەکارهێنانی چەمکی فەندەمینتالیزم یان داوە، بەڵام چەندینیش خۆیان دەپارێزن لە بەکارهێنانی لانی کەم بە گشتگیرکردنی یاخود لکاندنی بە تەنها ئاینیکەوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە ناو ئەم موناقەشە یەوە پێم باشە لە ئەنجامگیری و پوختکردنەوەی پێناسی چەند کۆمەڵناسێک بۆ ئەم دیاردە ئەم پێناسەی خوارەوە بخەینە بەردەست : فەندەمێنتالیزم بریتیە لە باقێک یان گروپێک لە باوەڕو دیدگا بۆ ژیان بوونەوەر لە لایەن کەسانێکەوە کە ڕیشەیان لە ئاینێکدایە یا خود بزاڤێکی سیاسی، کە هەوڵدەدەن بۆ راڤەکردن و مۆنۆپۆلیزەکردنی هەق. سەبارەت بە گرفتی چەمکەکە و بەکارهێنانی دەگەڕێنەوە بۆ ئیشی دوو سۆسیۆلوگیست وەک دوو نمونەی بۆ پیشاندانی ئەو ناکۆکیەی لە نێوانیاندا. بروس لۆرانس لە هەوڵێکدا لە مەڕ فەندەمێنتالیزم ( لە فەندەمێنتالیزمە وە بۆ فرە–فەندەمینتالیزم، ئایدیولۆژیای ئایینی لە فۆرمی جیاوازدا) دەڵێت " لە بری ئەوەی پۆزش بهێنینەوە لە تێرمی فەندەمینتالیزم دا یاخود سڵ بکەینەوە لە بە کارهینانی، ئیمە بەم شیوە مانای دەدەینێ و دیاریدەکەین بۆ سێ بەشی سەرەکی: دەقگەرا، تیرۆریست هەروەها بزاڤی سیاسی." لەم پێناسەی لۆرانسدا بە ئاشکرا ئەو گرفتە بەدیدەکەین کە

نەیتوانیوە تێپەری ئەو گرفتە بکات کە نە کەوێتە نێو ئەو پرۆسە لێکتێگەیشتنە باوەی فەندەمێنتالیزم، گەر چی ئەم جیا لە زۆرێک لە کۆمەڵناسەکان توانییویەتی چەمکەکە لە چەقبەستوی یەک رەهەندیدا بگوازێتەوە بۆ فرە رەهەندی. بەڵام ئەوەی تێیکەوتوە ئەوەیە کە فەندەمێنتالیزمی دابەشکردوە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا ئەویش فەندەمێنتالیزمی دەقگەرایی مەسیحی، تیرۆریزمی ئیسلامی و باڵی پارتە راستڕەوکان. بێگومان ئەم دابەشکردنە گرفتی زۆری تێدایە گرنگترینیان پشتگوێخستنی هەلو مەرجی مێژوویی چەمکەکە وەک لە دووەم نمونەماندا باسی لێوە دەکەین. جیڵس کێپل لە بە نێوبانگترین نوسیندا ( تۆڵەی خواوەند) باس لە وە دەکات کە چۆن لەمسەری دونیا بۆ ئەو سەری جۆرێک لە وێناندن دروست بووە سەبارەت بە گرفت و قەیرانەکانی دونیای هاوچەرخ کە راستەوخۆ دەبەسترینەوە بە ئێنتیگریزمی ئیسلامگەرا و موسڵمانە فەندەمێنتالیزمەکان بە چاو پۆشین لەوەی کە بیری فەندەمێنتالیزم لە ناو کاسۆلیک و پرۆتیستانتەوە ( بە تایبەتی پرۆتیستانتی ئەمریکی) سەر چاوەی گرتوە. کێپڵ پێیوایە نەک هەر ئەم چاوپۆشینە بگرە ناکرێت ئەم تێرمە بە شێوەیەکی یونیڤرساڵی بەکاربهێنین.

لە سەرتاکانی سەدەی رابردوو نێوان ساڵانی 1910 تا 1928 تەوژمیکی خێرای پرۆتستانتی ئەمریکی بزاوت و نێوی خۆیان نا فەندەمینتالیست بۆ ئەوەی خۆیان جیابکەنەوە لە پرۆتستانتەکانی دیکەی ئایینی مەسیحی. زۆربەی سۆسیۆلۆگەکان بڕوایان وایە کە ئەمان یەکەمین گروپی ئاینین ئەم نێوەیان لە خۆنابێت، بێگومان ئەم گروپە فەندەمینتالیستە ئەمەیان کرد وەک خۆ جیاکردنەوەیەک لە پرۆتستانتە لیبراڵەکان کە بەهاکانی مۆدێرنەتەیان پەسەند کرد بوو لەو سەردەمەدا. بە پێچەوانەی لیبراڵەکان گروپی فەندەمێنتالیزم پێیان وابوو مۆدێرنەتە هاتوە تا ئاینی مەسیحی لە ناو بەریت. تەنانەت لە سەرەتادا گوێگرتن لە رادیۆ وەک ئامێرێکی مۆدێرن قەدەغەیان کردبوو لە ئەندامەکانیان. بەڵام دواتر هەمان ئامێریان بەکار دەهێنا بۆ بانگەشەی ئاینەکەیان. رێژەگەرایی مۆدیرنەتە ئەو ترسە قوڵە بوو کە بێگومانی ( Certainty ) ئاینی مەسیحی هەژاند، وەڵامی یەکلاکەرەوەو حازر بەدەستی ئاین بۆ کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان کەوتە ژێر پرسیارەوە. لێرەوە نەک تەنها لە جیهانی رۆژئاوای مەسیحی چەند گرۆپیکی ترادیسونست سەریانهەڵدا بۆ داکۆکیکردن لە بەها ئاینیەکان، بەڵکو لە جیهانی ئیسلامیش بە مۆتیڤی زیاتریشەوە– لە ووێنەی بەگژاچونەوەی کۆلۆنیالیزم– هەمان دیاردە پەیدابوو. لە پاڵ گروپەکانی ئیڤانجلیکالیزم و فەندەمێنتالیزمی ئەمریکی لە دونیای ئیسلامیش بزاوتەکانی ئەبوعەلای مەودودی و حەسەنولبەننا لە بیستەکانی سەدەی رابردوو نمونەی بەرچاون.

**خوێندنەوەی سۆسیۆلۆجەکان بۆ فەندەمێنتالیزم:**

لە دوایی ساڵانی نەوەتەکانەوە بە دواوە مشتومڕێکی ئێجگار زۆر کەوتەوە لە مەڕ دیاردەی فەندەمێنتالیزم، بە تایبەتی فەندەمێنتالیزمی ئایینی دروست دەربارەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی . لەلایەکی تریشەوە هەمان دیاردە بە فۆرم و ئاستی جیاوازەوە لە ئەوروپا و ئەمەریکاش بە دیارکەوت. سکۆڵەرو لێکۆڵەرەکان ئەمجارە بە شێوازێکی فراونتر و بە بەکارهێنانی میتۆدی نوێو جیاوازەوە کاریان کرد بۆ پێناسی ئەم دیاردەیە. هۆگری سۆسیۆلۆگەکان بۆ دیاردەی فەندەمێنتالیزمی ئاینی زیاتردەگەرێتەوە بۆ دوو فاکتەر یەکەمیان: خودی ئاین وەک دەزگایەکی گرنگی کۆمەڵایەتی کە ئەمیل دۆرکاهیم(1858–1917) لەپێشینیەی ئەم هەوڵانە دا ئەنرێت لە تەعریفی سۆسیۆلۆگی بۆ ناساندنی ئاین. لە پێناسە بەناوبەنگەکەی دۆرکاهیمدا هاتوە کە ئاین ریزێک باوەڕو سروتە کە گرێدراون بە پیرۆزگەراییەوە کە خۆی لە دیاریکردنی حەرام و رێگەپێدرواەکان دەبینێتەوە لە کۆمەڵگەدا.( بۆ زیاتر روونکردنەوە بڕوانە کتێبی:لە فۆ رمە سەرتاییەکانی ژیانی ئایینی ، ئەمیل دۆرکاهیم(1912). هەروەها دیدگای ماکس ڤێبەر ( 1864–1920) لە مەڕ گەشەسەندنی کەپیتاڵیزم بە تایبەتی بزاڤی کالڤانیزم، کە دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەکانی جۆن کالڤان لە دەوروبەری ساڵانی 1534–1540 لە تیۆلۆجییای کاسۆلیک. گرنگی دان بە ئاین وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی لە لایەن هەردوو رابەرانی زانستی سۆسیۆلۆجیا دۆرکاهیم و ڤێبەر ، بوویە زەمینەیەکی لەبار بۆ وتوێژی بیریاران و کۆمەڵناسان لە سەرتاسەری سەدەی رابردوو بەتیابەتی لە ناساندنی توندوتیژی و رق و کینەدا کە دووم فاکتەرە لیرەدا ئاماژەی پێبکەین . فاکتەری دووم : وەک وتمان خوێندنەوەی کۆمەڵناسەکانە بۆ دیاردەی توندوتیژی و رق، ئیدی رقی نەژادی ، ئاینی یاخود رقێک گەلاڵە بوو بەهۆی نەیاری سیاسی و ئایدیۆلۆجیەوە. هەرسێ تەوژمی نازیسزم و فاشیزم و کۆمۆنیسزم کە تێکەڵێکن لە

ئایدیۆلۆجیای سیاسی و نەژادی بۆ بەرهەمهێنانی ڕقو توندوتیژی و بگرە کارەساتی مرۆیی گەورەی جیهانیش نمونەی بەرچاون ، بێ گومان هۆلۆکۆست وەک دەرئەنجامێکی تەوژمی نازیزست پشکێکی گەروەی لێکۆڵینەوەو توێژینەوکانی کۆمەڵناسانی بردوە لەم بوارەدا. دەکرێت گرژیو توندوتیژیەکانی نێوان گروپی ئیخوان موسلیمین و دەوڵەتی میسر لە سالآنی چل و پەنجاکانی سەدەی رابردوو بە هەمان مۆتیڤی بەرهەمێنانی ڕق و توندوتیژی ناوزەد بکەین نمونەی ئغتیالکردنی کاربەدەستان، تەقینەوەی یانەو هۆلی سینەماکان هتد. هەروەها سیاسەتە چەواشەکاریەکانی دەوڵەتی پۆلیسی ئیسرائیل و کوشتنو بڕینی هاولآتیانی فەلەستینی کە ئەفسوس خامۆشی و بێدەنگیەکی ترسناکی لەلایەن دەزگا ئەکادیمیەکانەوە لە سەرە، بە نمونەیەکی تری دیاردەی ڕقو توندوتیژی سیاسی و ئایینی بهێنینەوە. هەوڵدەدەین بەر لەوەی بیروڕای کۆمەڵناسان لە مەڕ دیاردەی سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزم بخەینە ڕوو بەتایبەتی فەندەمێنتالیزمی نوێ، لێرەدا بە گشتی مەعالیمو خەسڵەتەکانی بیریی فەندەمێنتالیزمی بخەینە ڕوو:

- هەوڵدان بۆ ناسینی حەق بە شێوازێکی حەرفیانە، بە مانا راڤەکردنی حەق و راستی بە پشت بەستن بە دەقگەرایی و لێرەشەوە مۆنۆپۆلیزەکردنی مانا لەتاک رەهەندیدا و کوشتنی فرەمانایی.
- بانگەوازکردن بۆ گەرانەوە بۆ ترادیسیونی دوالیزمەی راست و هەڵە/ شەیتان و فریشتە... هتد.
- بانگەشەکردن گەڕانەوە بۆ یەقینگەرایی و کوشتنی گومان و تێڕامان( وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە دژی رێژەگەرایی مۆدیرنەتە).
- هەوڵدان بۆ دروستکردنەوەی جڤات و کۆمیونیتی ، بێ گومان لە سەر شەقڵی ئەو راڤەی پێیگەیشتون لە نێو دەقەکاندا نەک لە خودی واقیعەوە( وەک سۆسیۆلۆجستەکان پێ دەڵێن رێگایەکی کۆمەلآیەتی بۆ ئاراستەکردنی هەق).
- بانگەشەکردن بۆ تەقدیسکردنی کاری سیاسی و دەسەلآتگەرایی نمونەی گرێدانەوەی کەنیسە/مزگەوت لە دەوڵەتدا.
- بڕوابوون بە گۆڕانی کتوپڕ و موعجیزە ئاسا لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەلآیەتیەکان و سروشتیەکاندا.
- بوونی حەزێکی زۆرو لە دەست تێوەردان لە کاریی سیاسی و مۆبیلەسەیشنی خەڵک.

بێگومان ئەم خەسڵەتانە تەنها قۆرخ نەکراون لە جۆرێک لە فەندەمێنتالیزم یاخود تایبەت بێیت بە تەنها ئاینێکەوە، بەڵکو هەر بزاڤێکی سیاسی کۆمەلآیەتی یان ئاینی بڕوای بە گەڕانەوە بۆ ترادیسۆن و رەهاگەرایی و تاککگەرایی بوو دەچێتە ئەو خانەیەوە. بۆ نمونە بڕیاری 'جەنگی دژە تیرۆر' ی دەبلیۆ بۆش و هەروەها نەگەڕانەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگرە نەگەڕانەوشی بۆ ویستو ئیرادەی خەڵکەکەی لەلایەن زۆربەی سکۆڵەو بیریارانەو جارێک بە خەوشی دیمۆکراسی ناوزەدکراو جارێکی تریش بە سەرهەڵدانی تایپێکی نوێی فەندەمێنتالیزم لە کۆشکی سپیدا. پاساوەکانی بۆش بۆ دەستێوەردانی عێراق و ئەفگانستان وەک هێرشەکانی دژە تیرۆر لە لایەن ئەمریکاوە هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی 'خوا پێی ڕاگەیاندم ئەم شەڕە بکەم' ی بۆش گومانی لای چاودێران نەهێشت لە بالآدەست بوونی باڵێکی راستڕەوی فەندەمێنتالیست لە دەسەلآتی سیاسی ئەمەریکادا. بەلآم دەبێت ئاماژە بەوەبکەین گەرچی فەندەمێنتالیزەکان هاوبەشن لە لە کۆمەڵێک بنەمای سەرەکیدا، وەک گەڕانەوەیان بۆ کولتوری دەق لە ناسینی هەقدا، کەچی ئاینمان هەیە کە خاڵییە لە سەرچاوەی دەقی پیرۆز یان بەرجەستە کردنی هەق لە زاتی خوایەکی رەهادا بە وێنەی ئاینی بوودی و هیندۆسی تاویزم. هەروەها دیسانەوە لەنێو خودی ئاینە یەکتاپەرستەکاندا جیاوازی هەیە بۆ چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ئەو هەقە لە واقیعدا. هەر بۆیە لێرەدا ئاماژە دەکەین بە لێکۆڵینەوەیەکی ( Steve Bruce 2000) کە لەم هەوڵەیەدا بە نێوی 'فەندەمێنتالیزم' بروس جەخت دەکاتەوە لەسەر خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی ئاینەکان لە بەرهەمهێنانی بیریی توندوتیژی و فەندەمێنتاڵگەرادا کە لەزانستی کۆمەڵناسیدا بەم چەشنە خوێندنەوانە دەوترێت مۆدێلی بەراوردکاری . ئاینە یەکتاپەرستەکان ( Monotheistic) کە باوەڕیان بە تاکە خودایە، پێشیان دەوترێت دۆگماتیک چونکە لای شۆێنکەوتوانی ئەم ئاینە یەکتاپەرستانە بڕوایان بەوەهەیە کە خودا لەتوانیدا هەیە

مانفێستی سروشتی خۆی بکات لە سەر زەویدا بە مانا دەست وەرداتە کاوباری ڕۆژانە، هەروەها بڕواشیان بەوە هەیە کە کۆمەڵێک موعتەقەدات هەیە پێویستە ئێمە مل کەچیان بین و ناکرێت لیان لادەین. هەر بۆیە بروس پێیوایە ئەم دوو فەندەمینتاڵ تیگەیشتنە لەو ئاینە یەکتایانەدا دوو خەسڵەتی بنەڕەتین لە دروست بوونی بیری فەندەمینتالیزمدا. لە بری یەک دەقی لای ئاینە یەکتاپەرستەکاندا ( بایبڵ و قورئان بۆ نمونە) ئاینەکانی دی، هیندۆسیزم و بوودیزم فرە دەقی و فرە خوداییان هەیە، بگرە چەندەها کتێبی پیرۆزیان هەیە کە ئەگەری چەندین ڕاڤە هەڵدەگرن لە بری یەک ڕاڤەگەرایی. یەکێکی دی لە و خەسڵەتە گرنگانەی جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆر ئاینانە ئەوەیە کە لە ئاینە یەکتایەکاندا بە ڕوونی هێڵێ نێوان بڕوادار/ بێبڕوا کێشراوە لێرەوەش بە سانایی پێناسی ئەوی دی ، کافر، هەڵگەڕاوە...هتد دیاریدەکرێت لە لایەن خودی تێکستی ئەم ئاینانەوە یاخود لەلایەن شوێنکەوتوانی ئاینەکەوە. لێرەوەیە کە کۆمەڵناس و توێژەرەوەکانی بواری سۆسیۆلۆجیای ئاین بە شێوازێکی زۆر چڕوپڕ لە سەر دوو وێستگەی مێژووی گرنگ وەستاون هەروەها زۆرترین گفتوگۆیان لەبارەی ئەو دوو ڕووداوەوە کردو ئەوانیش بزوتنەوەی پرۆتستانت و ئیڤانجلیکانی ئەمەریکی وەک دیاردەی فەندەمێنتالیزم لە دونیایی مەسیحی/ڕۆژئاوادا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا، هەروەها شۆڕشی ئیسلامی ئێران وەک دونیای ئیسلامی/ ڕۆژهەلات لە کۆتایەکانی سالانی حەفتای سەدەی ڕابردوو. گەڕانەوەی بیریاران بۆ شورشی ئێرانی بۆ دوو خاڵی گرنگ دەگەڕێتەوە یەکەم لەلایەک هەمان خاڵی هاوبەشە لە گەڵ بزاڤی پرۆتستانتەکانی ئەمەریکا کە پەرچەکردارێک بوو بۆ مۆدێرنەتە، لەدژی هەوڵی چەندین دەیەیەی ڕەزاشا لە پرۆسەی مۆدێرنیزەکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی یان وەک هەندێک بە ڕۆژئاواکردنی( الغربنە) ئێران وەسف دەکەن. هوتافەکانی جەماوەری ئاراستەکراو لەسەر شەقامەکانی ئێران لە ڕۆژانی سەرەتای شۆڕشەکە نمونەی ( مرگ بر لیبرالیزم) مردن بۆ لیبراڵیزم ئەو ڕاستیە دەردەخەن. دووەم هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ خودی سروشتی شۆڕشەکە، شۆڕشی ئێران بەجیا لە هەموو ئەو هەوڵە سیاسیانەی بۆ دەڵاستی سیاسی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامیدا هەوڵێکی سیستمازەکراو و لەسەر ئاستی دەوڵەت بوو. بەمانا زیاتر لە هەموو حاڵەتەکانی دی دیاردەی بەئیسلامیزەکردن ئەمجارە زۆرترین ئاستی مۆبیلەسەیشنی بەخۆە گرتبوو کە ئەمەش لای سۆسیۆلۆجەکان مایەی گرنگی پێدانە.

لێرەدا دەگەڕێنەوە سەر چۆنیەتی خوێندنەوەی کۆمەڵناسەکان بۆ دیاردەی فەندەمێنتالیزم هەروەها هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەسەندنی. زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بیری فەندەمێنتالیزم کۆکن لە سەر ئەوەی کە هۆی سەرەکی لە سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا وەک کاردانەوەیەک دژ بە بەهاکانی مۆدێرنیتە بە تایبەتی فەلسەفەی ڕێژەگەرایی لەبری یەقینگەرایی ئایینی. بێگومان لەپاش پەیدابوونی چەندین تەوژمی جیاواز و بە چەندین فۆرمی جیاوازەوە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا فەندەمێنتالیزم ئیدی لەوە دەرچوو بە تەنها هۆکارێک ببەسترێتەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو لەوەش فراوانتر بوو کە لە تەنها فۆرمێکدا سەیربکرێت و هەروەها بە تەنها میتۆدیکی زانستی هەڵبسەنگێنرێت. کاری لێکۆڵەرو کۆمەڵناسەکان گرانتر بوو بە تایبەتی کاتێک گفتوگۆ لە مەڕ ئەم دیاردەیە دەکرێت لە ئانوساتەکانی پرۆسەکانی جیهانگەرایی بەتایبەتی جیهانگەرایی بەها و کەلتورەکان هەروەها دیسانەوش لە هەلومەرجی زیاتر زەقبونەوەی توخوبەکانی کۆمەڵگە پۆستمۆدێرنەکان. وەک بۆردیارد دەڵێت ئیدی قۆناخی عەقلانیەت بەجێدەهێڵین و ڕوو لە ئاقارەکانی ناعەقلانیەت( Irrational) دەکەین بۆیە ئەو کەرەستە زانستیانەی بەکارهاتوون لە مۆدێرنەتەی عەقلانیەتگەرادا دەبێت بگۆڕدرێن لە خوێندنەوەی پۆستمۆدێرنەدا. ئەو تەنانەت پرسیاریش دەخاتە سەر شێوازی نوسینی ئەکادیمیش هەر بۆیە ستایلی تایبەتی خۆی هەیە لە نوسینەکانیدا. بێگومان کارێکی زۆری دەوێت کە هەموو ئە موناقەشە زانستیانە بخەینەڕوو لەم نوسینەدا لەمەڕ فەندەمێنتالیزمی نوێ هەروەها هۆکاری گەشەسەندنی بە شێوازێکی یونیڤێرساڵی، لێرەدا ئێمە تەنها جەخت لەو لێکۆڵینەوانە دەکەینەوە کە مامەڵەیان لەتەک دیاردەی فەندەمێنتالیزمدا کردوە لە کۆنتێکستی جیهانگەرایی و پۆستمۆدێرنیزمدا وەک دوو زایەنگایی فراوانبونی هەژمونی پەیوەندی و زانیاریاکان، وەک زۆرێک بە چەرخی زانیاری ناوی دەبەن. لای ستیڤ بروس و زۆرێکی دیش سەرەکیترین هۆکاری سەرهەڵدانی فەندەمێنتالیزم وەڵامدانەوەی ترادیسۆنستاڵەکانە بۆ

پارێزگاریکردن لە ئاینەکەیان، لە بەر ئەمەیە هەردوو پرۆسەی بە مۆدێرنەکردن و بە جیهانیکردنی کۆمەڵگاکان هەردەم وەک هەڕەشەیەک سەیرکراوە لەلایەن هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای ئاینی. بەڵام وەک وتمان کە گفتوگۆ دەکەوێتە سەر ئەم دیاردەیە لە هەلومەرجە نوێکاندا ئەوا پێناسی زۆرتری دەوێت بارەکەش ئاڵۆزتر دەبێت لەوەی کە بەتەنها رازیبین بەو وەڵامەی پێشوو.

بنیامین باربەر لە کتێبە بەنێوبانگەکەیدا بە نێوی *جیهاد دژی ماک وۆرلد2001* ( ئەم دەستەواژەیی لە ماکدۆناڵدەوە خواستوە، زیاتر گەڕاوەتەوە بۆ کارەکەی جۆرج رایتزە بە *ماکدۆناڵیزەکردنی کۆمەڵگە*). باربەر پێیوایە ململانێی نێوان بزوتنەوە جیهادیە چەکدارەکانی گروپە ئیسلامیە توندڕەوکان لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا، کە ئەو بە ماکۆرلد ناوی دەبات ناگەڕێتەوە بۆ پێکدادانی شارستانی وەک هینتنگتۆن و زۆری دیکەش وایان ڕاڤەکردوە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشایەیە گەورەی لە نێوان وڵاتانی دەوڵەمەندو هەژاردا هەیە. کە دابەشبونەکەش راست ڕەهەندێکی جوگرافی/ئاینی هەیە وەک ئەوەی رۆژئاوای دۆڵەمەند و ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژار کە وڵاتە موسڵمانەکان پێک دەهێنێت. لەم نێوەندەشدا هەر ڕژێمێکی ئیسلامی/عەرەبی دەوڵەمەند راست گرێدەدەنەوە بە هاوپەیمانیەتی لەتەک ئەمەریکا و ڕۆژئاوادا بە بەرەی ماکۆرڵدی ئەژمێردەکەن. لەم ڕوانگەیەوە بوو زۆرێک لە چاودێران ڕووداوی یانزەی سێپتەمبەریان بە تۆڵەی هەژاران لە دۆڵەمەندان تەفسیر کرد، نیشانەکردنی بنکەی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرک سەلمێنەری ئەو تەحەدایەبوو ( challenge) لەو ڕوداوە دا. نەتەقاندنەوەی گەورەترین کەنیسە لە ئەمەریکا وەک سومبولێکی ئاینی کریستیان، یاخود نەگەڕان بە دوایی گەورەترین نایت کلابی ( جێگای سەمایی شەوانە) وەک رەمزی بەد ڕەوشتی(وەک لای زۆرێک وایە) دیسانەوە ئەوە دەردەخات کە ئەمان زیاتر هۆگری هەژمونی بازاڕی ئەمەریکان نەک کولتور و بەهاکانی. تێزەکانی پۆسمۆدێرنەش پشتگیری ئەم ئاراستەیە دەکەن وەک ئەوەی چیدی شناسنامەی مرۆڤ و نەتەوەکان بە کولتور و زمان و ئاڵا و تراديسون دیاری ناکرێت بەڵکە ئەوە شێوازی ژیانیانە (lifestyle ) ناسنامەیان دیاریدەکات. دەستەواژەکانی من ئەوەم کە ئەیکڕم ، واتە ئەیخۆم، لەبەری ئەکەم، گوێلێدەگرم و سەیریدەکەم. هەروەها بازاڕکردنمان و شێوازی مەسەرەفکردنمان ناسنامەمان دیاریدەکات هەتا بێت چاکتر دەچەسپێت لە نێو کۆمەڵگاکاندا، بەتایبەتی کۆمەڵگا پێشککەوتوەکان کە بە کۆمەڵگای مەسرەفگەرا( consumer ) ناودەبرێن. لای بنیامن باربەر ناسەقامگیریەکانی جیهان و پشێویو نائارامی لەم هەسارەیەدا هەریەک لە جیهادو ماکۆرڵد تیایدا بەرپرسیارن، بەڵکو هەریەک ئەوی دی تەواو دەکات. کۆمپانیا زەبەلاحەکانی چەک موشتەریان دەوێت بێگومان گروپە توندڕووەکان باشترین مەسرەفباری ئەو چەکانەن، لەلایەک وەک بەکارهێنانی لەلایەکیدیش وەک بەکارهێنان تیایانداو دژیان. نمونەیەکی دی بۆ هەماهەنگی نیوان دەسەڵاتی کۆمپانیا و زلهێزەکان لەگەڵ گروپە توندڕەوکان بەکارهێنانی ماسمیدیایە، دیسانەوە بەکارهێنانەکە دووجەمسەرە بڕوانە چۆن بەو شیوە بەرفراوانە تیرۆریزم ، کارە خۆکوژیەکانیان، تەقینەوکانیان هتد بوەتە کاڵاو مادەیەکی ئیعلامی زۆر چاک ڕۆیشتو لە بازاڕی سەرچاوەکانی هەواڵ و دەزگا سیخوڕی و زانیاریەکان. لەسەرێکی دیکەیشەوە چەندە خودی میدیا بوەتە ئامرازێکی گەیاندنو گرێدانی تۆڕە تیرۆریستەکان بەیەکەوە، دەرکەوتنی بنلادن و زەواهیری لە جەزیرەو هەواڵی رفاندن و هەڕەشەلێکردنی تیرۆرستان لە وێب و ماڵپەڕەکاندا نمونەی کەڵک وەرگرتنی ئەو گروپانەیە لە تەکنۆلۆجیای گەیاندن.

هەوڵێکی دی بۆ ریزبەندکردنی دیاردەی فەندەمێنتالیزمی نوێ و پێناسکردنەوەی ، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵناس و چاودێری فەرەنسی ئۆلیڤەر رای، لەکتێبی ( شکستی ئیسلامی سیاسی 1999) دا، ڕای جیاوازی دەکات لە نێوان دوو ستایلی بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتدا لە مەڕ کولتور و ژیاری رۆژئاوادا، ئەوانیش گروپە ئیسلامگەراکان و فەندەمێتالیزمە نوێکان. ئەو پێیوایە کە فەندەمێنتالیزەکان ڕەتی هەموو بەهاکانی مۆدێرنەتە دەکەنەوە بە پێچەوانەوە ئیسلامگەراکان خوازیاری بەهاکانی مۆدێرنەتەن و هەروەها مۆدێلی رۆژئاوایی لە سیستمی سیاسی و ئابوریدا پیادە دەکەن. لێرەویە فەندەمێنتالیزمە نوێکان دژ بە هەژمونەکانی جیهانگەرای دەبنەوە، چونکە لای وان جیهانگەرایی

هەڕەشەیە بۆ سەر دابونەریتی ئاینی و زاڵکردنی کولتورو کاڵای ڕۆژئاوایە بەسەر ئیسلامدا. ئۆلیڤەر ڕای ئەم تەوژمە بە پاشەکشە ناودەبات و پێی وایە پێیان ناکرێت ببنە نوێنەری تاکی موسڵمان لە جیهاندا، هەروها ناتوانن مۆبیلایزی موسڵمانان بکەن لەم ڕووبەڕوبونەودا. سازشی ئیسلامگەراکانی وڵاتانی ئیسلامی بەرامبەر بەئەمەریکاکردن بە ڕوونی پەیپێدەبرێت، هەروەها بەشداریان لە گەمەکانی هەڵبژاردن و بەشداری دەسەڵاتی سیاسی لە پرۆسەی دیمۆکراسی و عەلمانیدا دیسانەوە بەڵگەنەویستە. پارتە ئیسلامیەکان لە ناو خۆو حوکومەتی هەرێمدا لە کوردستانی باشور لە مۆدێلەکەی ئۆلیڤەر ڕای دا دەکەونە باڵی ئیسلامەگەراکان و هەرەوها گروپەکانی دەرەوەی هەرێم مەبەستم پاشماوەکانی ئەنسار و جوند دەکەوەنە بەر باڵی فەندەمێنتالیزمی نوێوە. بەڵام دەکرێت پرسیارێک بکەین لە مۆدیلەکەی ڕای داخو ئیسلامستەکان تا چەند توانویانە ببنە نوێنەری تاکی موسڵمان گەر فەندەمێنتالیزەکان ئێستا پێیان نەکرێت ئەو نوێنەرایەتیە ببینن، گەر ڕۆژانێک لە سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیدا ئەوان توانیبێتیان مۆبیلایزی موسڵمانان بکەن بەهەر پاڵنەرێکی ئایدیۆلۆجی بوبێت ئایا لە هەگبەی ئەم باڵە ئیسلامیانەدا هیچ زادێک ماوە تا تاکی پێ گۆش بکەن لە کاتێکدا ئەوانیش مەبەستم پارتە ئیسلامیەکانە وردو درشتی تەعالیمەکانی مۆدێلی ڕۆژئاوای لە بەڕێوەبردن و بازاڕدا پەیڕودەکەن. بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارەش دەکەوێتەوە سەر ئاستی ژیری هەر کۆمەڵگەیەک، چونکە بەداخەوە تاهەنوکەش مرۆڤی کۆمەڵگەی ئیمە کوشتەی مۆبیلەیزەیشنی پیرۆزگەرایە یاخود مۆبیلەیزەیشنی ڕەمزی بە مانا حیزبی ئێمە لەمسەر عەلمانی بۆ ئەوسەر ئیسلامی قەت نەیتوانیوە خەڵک بڕژێنێتە سەر جادە بۆ ئاتاجە گرنگەکانی ڕۆژانەی بەڵام گەر سەرکردەیەک نەخۆشککەوت یا پێغەمبەرێک بکرێتە بابەتی کاریکاتۆریک ئەو دەم ماشێنەکانی حیزب زۆر لێزانانە دەکەونە بانگوسەڵا بۆ پرۆتیست کردنی، پاشانیش بە سانایی دەستەمۆی مەیلی گشتی دەکەن بۆ ویستو مەرامەکانی خۆیان.

یەکێک لە و دامەزراوە کۆمەڵایەتیانە کە گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات لە ئانوساتی گواستنەوەی گۆمەڵگە ڕۆژئاوایەکان بۆ جیهانی پۆستمۆدێرن دامەزراوەی ئاین بوو. بێ گومان نەک هەرستراکتۆریی ئاینی گۆڕا بەڵکە مەسەلە ڕۆحیەکانێش کەوتنە بەر هەژمونی بازاڕ، ئەمڕۆ تۆ دین مەسەرف ئەکەیت وەک هەر کاڵایەک، سەرهەڵدانی سەدان بنکەی ڕێنمایی دەرونی ( psychotherapy ) لە شوێنە گشتیەکانی دانیشتواندا ئەو ڕاستیە دەردەخات. ناڕوونی و گومانگەرایی سەردەمی پۆستمۆدێرنە بەجۆریکە پرسیاری گەورەی خستوەتە سەر ئاین، بۆیە زۆرێک لە کۆمەڵناسان زۆربوونی باڵە فەندەمێنتالیزمەکان لە هەردوو جیهانی ئیسلامی و ڕۆژئاوادا بۆ ئەو ناڕوونیە دەگەڕێننەوە. ئاین هەردەم وەڵامی حازر بەدەستی پییە بۆ ڕووداو دیاردەکان لە هەموویشی گرنگتر وەڵامی ئامادەکراویی پێە بۆ مردن و پاش مردن. بەڵام تاکە وەڵامی زانستی لەمڕۆدا بۆ دیاردەی مەرگ درێژکردنەوەی ژیانە یان هەڵگرتنی خانەکانی مرۆڤە لە بۆتەیەکی بەستراودا کە چەند تاقیگەیک بەم کارە هەستاون، بەڵام دیسانەوە دەیان پرسیاری مۆراڵی و فەلەسفی لێکەوتوەتەوە لە سەر چۆنیەتی ژیان پێدانەوەی ئەو خانانە!

زۆریک لە بیریاران وای بۆ دەچن کە پەیوەندی نێوان ئاین و مۆدێرنەتە پەیوەندێکی ڕونوئاشکرابوو بەمانا لەبیریی مۆدێرنەتەدا سکولاریزەکردنی ئاین بەتایبەتی ئاینی مەسیحی یەکیک بوو لە ئامەنجەکانی ئەو بیرە بەڵام ئەم پەیوەندیە تا بێت ئاڵۆزتر دەبێت و پرسیاری دەکەوێتە سەر. بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەیان بیریار گەڕاونەتەوە سەر ئەم پەیوەندیەیی نێوان تیۆلۆجی و پۆستمۆدیرن: جۆن میڵبانک، پۆڵ هیڵ، فلیپ هۆڵاند، جاک دریدا، ئەکبەر ئەحمەد هەروەها مارتن مارتی و دەیانی دیکە نمونەی ئەو هەوڵانەن کە لەو پەیوەندیە دواون. بۆ نمونە مارتی و ئەحمەد ( لە کتیبی پۆستمۆدێرنە و ئیسلام 1992) باس لەو ئەگەرانە دەکەن کە ئیسلام و پۆستمۆدێرنەتە بەیەکەوە گرێدەدات هەروەها جەخت لەوە دەکەنەوە ئیسلام تەواوکەری پۆستمۆدێرنە دەبێت. ئەوەی لێرەدا مەبەستە پشتگیری یا خود دژ وەستانەوەی ئەم ئارگومێنتە نیە ئەوندە گەرەکمانە ئەو راستیە پیشان بەین کە چۆن ئاین لە پەیوندێکی زۆر ئاڵۆزدایە لە سەردەمی پۆستمۆدێرنەدا. بیریی فەندەمینتالیزمیش لەم هاوکێشەیە بێبەش نییە، بەڵام ئەوەی زانستی سۆسیۆلۆجیا پێمان دەڵێت ئەویە کە تەنها یەکجۆر فەندەمێنتالیزم نییە بەڵکو فرەیی فەندەمێنتالیزم هەیە هەروەها

ئەوشمان فێر دەکات کە نەکەوینە ژێر ئاراستەی تێگەیشتنی باو ( stereotype) وەک ئەوەی فەندەمێتالیزم ڕیشەی لە ئاینێکدا بێت. بەڵکو بیری فەندەمێنتالیزمی بەهاو نۆرمە ئەگونجێت لە ئاراستەیەکی سیاسی دا بێت یاخود بزاڤێکی ئاینی.

سەرچاوەکان:


Ahmed, S, A. (1992) *Postmodernism and Islam, Predicament and Promise*. London: Routledge.

Barber, R,B.( 2001) Jihad VS. McWorld, Terrorism's Challenge to Democracy. New York: Ballantine Books.

Bruce, S. (2000) *Fundamentalism*, Cambridge: Polity.

Delanty, G. ( 2000) *Modernity and Postmodernity*, London: SAGE Publications Ltd.

Heelas, P. ( 1998 ) *Religion, Modernity and Postmodernity,* Oxford: Blackwell Publishers. Publishers

Marty, M. ( 2005 ) *When Faiths Collide*, Oxford: Blackwell Publishing.

Roy, O.( 1999) *Failure of Political Islam* , London: I.B Tauris Publisher.


تێبینی: ئەم سەرچاوانە بەپێی شێوازی هارڤارد ڕێکخراوە.